# زانکۆکانی کوردستان له دوای هەڵبژاردن

بەشدار علی-زانکۆی سەلاحەددین *bashdar_net@yahoo.com*

لەبیش مەهزەلەی هەلبژاردن زانکۆکان بازاریکی گەرمی خستنەرووی دروشمەکانی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی بوو. بۆ هەرچی زیاتر بەشداری کردنی قوتابیان لەم هەلبژاردنە. بەلام کەس بەپولیك ای ی نه دەکرین چونکه قوتابیان له چەند سالی رابردوو گالتەجاری هەلبژاردنیان بینیبوو له ژیر دەسەلاتی پارتی و یەکیتی که سالانه له ناوەندەکانی خویندن بۆ گالتەکردن به خۆیان و دەسەلاتەکەیان هەلبژاردنی نوینەرایەتی قوتابیانیان دووبارە دەکردەوە، جگه له وەی ئەم هەلبژاردنانه سەرەتاییترین و سادەترین مەرجی هەلبژاردنی ئازادی تیا نەبوو، هیچ پەیوەندییەکی نەبوو به ژیانی قوتابیانەوە، بۆیه هەر زوو قوتابیان ئیفلیجیان کرد. قوتابیان له هەراو هۆریایی ئەمجارەشیان فریویان نەخوارد، چۆلیی هۆلەکانی کۆرو کۆبونەوەو سیمیناراتەکانیان له پیش هەلبژاردن له ناو زانکۆکاندا گەواهیدەری ئەم راستیەن. هەر پێش هەلبژاردنەکانیان بەشیکی زۆری قوتابیان نارەزایی توندیان دەربری و دژی ئەم مەهزەلەیه وەستانەوەو ووتیان ئیمه دەمانەویت سیستەمی پەروەردەو فیرکردن بگۆردریت، حیزبەکان له زانکۆکاندا بچنه دەرەوە، بیرۆکراسی و گەندەلی ئابوریی و ئیداری له زانکۆکاندا نەمینیت، بێئاوی وبی کارەبای بەشە ناوخۆیەکان کۆتایی پی بیت، دەرماله به رێکوپێکی دابەش بکریت. ئه هەلبژاردنه هیچ کام لەم کیشانەمان چارە ناکات و بەلینەکانیشتان بلقی سەر ئاون. بەلام ئەحزابی دەسەلاتدار له کوردستان بۆ شەرعیەتدان بەدەسەلاتی میلیشیایی وتاکرەوانەی خۆیان پەنجه مۆری خەلکی گەرەك بوو. ئیستاش قوتابیان به دلیکی شکاوەوە، به بی ئەوەی ئەوان مەبەستیان بووبیت به هۆی هەلبژاردنیکی ناشرعیەوه دەسەڵاتداران دەیانەویت بریار لەسەر ژیان و چارەنوسیان بدەن وتەسلیم به دەسەلاتیکی عەرەبی-ئیسلامیان بکەن. وەکو پیشبینیمان کردبوو رۆژ له دوای رۆژیش کیشـــــەو گرفتەکانی

قوتابیانیش روو له زیادبوونن و تورەیی و نارەزایەتی قوتابیانیش هەر لەفراوان بوونە. هەر لەم چەند رۆژەدا قوتابیانی بەشی ناوخۆیی (کۆرەن) له هەولیر له دژی نەبونی دەرمالەو بی ئاوی و بی کارەبایی و خراپی وەزعییەتی خویندن خوبیشاندانیان ساز کرد بۆ بەردەم سەرۆکایەتی زانکۆ، هەروەها خۆپیشاندانی قوتابیانی دەبۆکه له سلیمانی گەواهیدەری راستیەکانن. له ماوەی زیاتر له دەیەك ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی سەرباری هەزارو یەك کویرەوەری و مالویرانی بی نانی و بی جل و بەرگی قوتابیان، سەرباری سەرکوت کردنیان به هەزارو یەك شیوه و دەخالەت کردن له تایبەتیترین کارەکانیان. قوتابیان تورەن له دەسەڵاتەکانیان، تورەن له حیزبەکانیان، تورەن له دەستورو یاساو بریارە قەرەقوشیەکانیان. بۆیه ژمارەیەکی زۆری قوتابیان بەشدارییان لەم به ناو هەلبژاردنانه نەکردو له دواییشدا وەك بۆمب به روویاندا تەقینەوە.

-خۆسوتاندنی قوتابیان بۆته دیاردەیەکی باوی نیوەندەکانی خویندن

ئاشکرایه ئەم سیستەم و پرۆگرامانەی ئیستا له ناوەندەکانی خویندن بەریوە دەچێت ئیفلیج و دارزیوە، یەکیك له دروشمه بریقەدارەکانیان پیش هەلبژاردن گۆرینی پرۆگرامەکانی خویندن بوو، که له ئەنجامی ناتەندروستی ئەم پرۆگرامانه پەروەردەیەکی سەقەت و ناتەندروست بەناچاری یەخەی قوتابیان دەگریت و

ڕۆژانە دەروازەی کردۆتەوەو تا ووشك بوونی جەستەی دەیان قوتابی لەرۆژیکدا ئەمەش بیزاری‌و تورەییەکی زۆری لای قوتابیان دروست کردووە. خودی ئەم حیزبانەش هەستیان بەم دیاردە نەشیاوەی نیو نیوەندەکانی خویندن کردوە بۆیە یەکیك لە دروشمەکانیان گۆرینی پرۆگرامەکانی خویندن بوو کە رۆژانە کارەسات‌و تراژیدیای ئینسانی لی‌دەکەویتەوە. چەندین جاری‌تر ئیمە ووتومانە ئەحزابی قەومی کوردی کەدەسەلاتیان مۆنۆپۆلکردووە نایانەوی سیستەمی پەروەردەو فیرکردن بگۆرن. چونکە سود لە چیرۆکە ئەفسانەییەکان‌و خورافیەکانی نیو ئەم سیستەمە وەردەگرن بۆ هەرچی شۆردنەوەی زیاتری میشکی منالان‌و تازەلاوان بۆ چەسب کردنی هەستی دەمارگیری‌و توندرەوی نەتەوەیی‌و ئایینی لە ناو هەستونەستیاندا، گەرەکیانە نەوەیەکی گوی رایەل وقسەنەکەرو کۆیلەو ئیفلیج بەرهەم بیت.. بۆ هەموو قسەکانی ئەوان سەری بەلی بەرزو نزم بکاتەوە.

هەروەکو پیش هەلبژاردنەکانیش رامانگەیاند ئەم هەلبژاردنە ناتوانی تۆزقالیك قوتابیان بە حەزو خۆزگەکانیان ئاشنا بکات. هیچ پەیوەندیەکی نیە بە وەزعیەتی نالەباری خویندن‌و کارەکتەرەکانی نیو ئەم بوارە، بەڵکو دەیانەویت لە ریگەی ئەم بەناو هەلبژارنە وەکو جەندین سالی رابردوو زانکۆکانی کوردستان بکەن بە مەلبەندو لقی حیزبی.

تەنها ریگایەك لە بەردەمان ماوە یەکگرتوکردنی نارەزایەتیەکانمانە بۆ ئەوەی ئایندەیەکی گەشتر بۆ خۆمان بنەخشینین، بۆ ئەوەی سیستەمی پەروەردەو فیرکردن خالی بیت لە توندرەوی ئایینی ومەزهەبی ونەتەوەیی، پەیوەست بونمانە بە ((کۆگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان)) تاکو دەولەتیکی غەیرە قەومی‌و غەیرە دینی لە کوردستان دامەزرێنین.

وەرن با بەیەکەوە زنکۆ بکەین بە ئاگریك بۆ سوتاندنی رەگوریشەی قامیشی دین لە سیستەمی پەروەردەو فیرکردن، زانکۆ بکەین بە ئاگریك بۆ ریشەکیشکردنی تەواوی جەهل وخورافەو نەزانین لە کۆمەل‌و کۆمەلگا، با زانکۆ بکەین بە ئاگریك بۆ سوتاندنی هەموو گەلاکانی ناسیۆنالیزم‌و قەومپەرستی وعەشیرەت پەرستی‌و ناوچە پەرستی‌و................. .